
100 ساڵەی شۆڕشی ئۆکت

چەپی پێشوی کوردستان زیاد لە١٥ ساڵە لەب

ئۆکتۆبەر خۆی تراوماو زەبرێکی دەرونی بو بۆ مێ

§ ئا: لەیلا جەمال

**وەلید عومەر، که نوسەرێکی دیاری ڕەوتی چەپی نوێو ئەندامی گروپی نێگەتیڤە کە گروپێکی فکریی تیۆرییە، لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت "شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئاسۆیەک بوو بۆ ئەوەی مرۆڤەکان هەموو ژیانیان بەکارو کۆیلایەتیو ستەمی مادی نەڕواتو داهێنەر بن".**

**ئاوێنە:** شۆڕشی ئۆکتۆبەر، چی پێشکەش بەمرۆڤایەتی کرد؟

**وەلید عومەر:** دیارە ژمارەی ئەو سەرچاوانەی کە باسی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان کردوە، بێشومارن. بۆیە وا باشترە گۆشەیەکی تر هەڵبژێرین بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندیی ئۆکتۆبەرو مرۆڤایەتیو سەرەنجامیش کورد. زۆرجار کلێشەیەک لای خوێنەوارانی کورد هەیەو دەڵێن: "مرۆڤایەتی پێویستی بە کورد نیە، گەر سبەی لەخەو هەستێتو کورد لەسەر زەوی نەمابێت، ئەوا مرۆڤایەتی هیچ زەرەرو زیانێک ناکات". ئەم بۆچونە لەڕواڵەتدا گاڵتەئامێزە، بەڵام لەناواخندا بۆچونێکی نازانیستییشە. بۆ؟ چونکە کورد بەهۆی هەلومەرجێکی دوورودرێژی مێژوویيو سیاسییەوە بوە بە کوردو خەڵکانێکی عەجیبو غەریب نین بیانخەینە دەرەوەی زەویو مێژووەوە. پەیوەندییەکی دوولایەنەو دیالەکتیکی لەنێوان کوردو

ژیانیان بە کارو کۆیلایەتیو ستەمی مادی نەڕوات،و داهێنەر بن.

**ئاوێنە:** بەلشەفیەکان چەوساندنەوەی چینایەتی بەئاستێک کۆتایی پێدێنن، چەوساندنەوەی ئایدۆلۆژی دەستپێدەکەن، نەیارانی شۆڕش لەناودەبەن، شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ناتوانێت کۆتایی بەستەمکاری بێنێت، ئایا خاڵی لاوازی شۆڕش هەر لێرەدا نەبو؟

**وەلید عومەر:** دوای شۆڕش کۆمەڵێک بڕیاردرا، کە بەنیسبەت مێژووی مرۆڤەوە لە "بڕیار" زیاتر بون. بۆنمونە، جیاوازیی ڕەگەزی هەڵگیرا، ستەمی سەر ژنان بەهۆی کۆمەڵێک ڕێو شوێنی یاساییو ئەمنییەوە لابرا، مافی لەباربردنی کۆرپەلە درا، مافی هاوڕەگەزبازەکان درا (کە پێش هەموو ئەوروپا جێگیرکرا)، کاروباری کەمینەکان درایەوە دەستی خۆیانو هتد. شۆڕش لەماوەیەکی کورتدا، تا ئەو کاتەی لینین خۆی مابو، گەلێک دەسکەوتی گرنگی هەبوو. بەڵام ئەو نۆخە سەختەش کە یەکسەر دوای شۆڕش یەخەی بەلشەفیکەکانی گرت، ئامانجە خێراکانی شۆڕشی خاوکردەوەو پاش مردنی لینینیش کۆمەڵێک هەڵەی تر کرا کە لێرەدا بوار نیە باسی بکەین. پاش شۆڕش شەڕی ناوخۆ ڕوویداو دەوڵەتانی ئیمپریالیست دەیانویست لەڕێگەی هەندێک پاشماوەی قەیسەرو جوتیارە دەوڵەمەندە نارازییەکانەوە

وەلید عومەر

"

چەپی نوێ پێویستی بەجێخستنی تیۆری نوێو ڕوانینی نوێیە. مێژوی باشور تێکرا بەدەست نەبونی تیۆرێکی

# گفتوگۆی وەلید عومەر لەگەڵ هەفتەنامەی ئاوێنە

ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە لە ژمارە (٦٠٢)ـی هەفتەنامەی ئاوێنەدا بڵاوبووەتەوە

ئامادەکردنی: لەیلا جەمال

**ئاوێنە: شۆڕشی ئۆکتۆبەر، چیی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد؟**

دیارە ژمارەی ئەو سەرچاوانەی کە باسی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان کردووە، بێشومارن. بۆیە وا باشترە گۆشەیەکی تر هەڵبژێرین بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندیی ئۆکتۆبەر و مرۆڤایەتی و سەرەنجامیش کـورد. زۆرجار کلێشەیەکی سەگباوەڕانە لای خوێنەوارانی کورد هەیە و دەڵێن: «مرۆڤایەتی پێویستی بە کورد نیە، گەر سبەی لە خەو هەستیت و کورد لەسەر زەوی نەمابێت، ئەوا مرۆڤایەتی هیچ زەرەر و زیانێك ناکات». ئەم بۆچوونە لەڕواڵەتدا گاڵتەئامێزە، بەڵام لە ناواخندا بۆچوونێکی فاشیستی و نازانیستییشە. بۆ؟ چونکە کورد بەهۆی هەلومەرجێکی دوور و درێژی مێژوویی و سیاسییەوە بووە بە کورد و خەڵکانێکی عەجیب و غەریب نین بیانخەینە دەرەوەی زەوی و مێژووەوە. پەیوەندییەکی دوولایەنە و دیالەکتیکی لەنێوان کورد و «ئەویتر»دا هەبووە و هەیە و گەر کورد لە مێژووی جیهاندا پێگەیەکی کاریگەری نەبێت ئەوە خەتاکە هەمووی لە کوردەوە نەبووە. کاتێك نەتەوەیەك دەچەوسێتەوە و گەشەی پێویست ناکات، تەعبیرە لەوەی چەوسێنەرێك هەیە و ئەم نەتەوەیەی چەوساندووەتەوە. ویستم بڵێم، شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئاسۆیەکی تازە بوو کە خەباتی گەلانی چەوساوەی خێراتر کردەوە و بەشێوەیەکی عەمەلی «مافی چـارەی خۆنوسین»ـی هێنایە ناو مێژووەوە. لای سەرانی شۆڕش هیچ گەلێك زیادە نەبوو لەسەر زەوی، بەڵکو ئەوە هەلومەرجێکی مێژوویی و ستەمی ئیمپریالیستی بوو گەلانی داپڵۆسیبوو و دەبوو تازووە ئازاد بن. ماوەیەکی کەم دوای سەرکەوتنی شۆڕش، حکومەتی نوێ بانگەوازێك بە ڕووی گەلانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتدا بڵاودەکاتەوە و باسی

ئەوە دەكات كە دنیایەكی تازە هاتۆتەئاراوە. دنیایەك كە هی خەڵكانی ڕەنجدەر و گەلانی ئازادە. لەم بانگەوازەدا باس لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێكەوتننامانە دەكرێت كە ڕووسیای پێشوو لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیستییە ئەوروپییەكاندا ئیمزای كردبوو بۆ داگیركردنی خاكی وڵاتانی تر. یەكێك لە دەرسە فەلسەفییەكانی شۆڕشی ئۆكتۆبەر هەر ئەمە بوو كە هیچ مرۆڤێك لەویتر كەمتر و زیاتر نیە. هیچ گەلێك لەویتر كەمتر و زیاتر نیە. ئەوە كەڵەكەبوونی چەندهەزار ساڵەی مێژووە كە یەكێكی كردووە بە چەوسێنەر و یەكێش دەكات بە چەوساوە. ئالان بادیۆ، فەیلەسوفی چەپ ئەمساڵ لە یادی سەدساڵەی شۆڕشی ئۆكتۆبەردا باسی ئەوەی كرد كە لەدوای شۆڕشی چاخی بەردینی نوێوە، تەنیا یەك شۆڕشی ڕاستەقینە و بنەڕەتی هەبووە كە شۆڕشی ئۆكتۆبەرە. واتە گەر لە ماوەی ٢٠٠ هەزار ساڵدا دووشۆڕشی چارەنووسساز لەمێژووی مرۆڤدا كرابێت ئەوا یەكیان ئۆكتۆبەرە. خەون و ناوەڕۆكی شۆڕشەكە، دروستكردنی مرۆڤێكی تەواو تازە بوو لە مێژوودا كە نەك هەر لەڕووی مادەوە نەچەوسێتەوە، بەڵكو لەڕووی مەعنەویات و بەها و مۆراڵیشەوە نەچەوسێتەوە. دیارە خەونەكانی شۆڕش زۆر لەو مێژووە گەورەتر بوون كە تێی كـەوت. لێرەشەوەیە كە پرسی سەربەخۆیی بۆ كوردستان ڕەهەندێكی فەلسەفیی هەیە و داننانە بەوەدا كە مرۆڤی كورد لە هیچ مرۆڤێكی تر كەمتر و زیاتر نیە و دەتوانێت بەشداری لە میراتی مرۆڤایەتیدا بكات. سەرەڕای چەوساندنەوەی ناوخۆیی و سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتدارانی كورد، مرۆڤی كورد ئەو ئیمكانەی تیایە داهێنەر بێت. گەر ڕێ لە داهێنان بگیرێت، ڕەنگە وزەكە پێچەوانە ببێتەوە و سەربكێشێت بۆ فاشیزمی سیاسی و كەلتوری و هتد. ئۆكتۆبەر ئاسۆیەك بوو بۆ ئەوەی مرۆڤەكان هەموو ژیانیان بە كار و كۆیلایەتی و ستەمی مادی نەڕوات، و داهێنەر بن.

**ئاوێنە: بەلشەفیەکان چەوساندنەوەی چینایەتی بە ئاستێک کۆتایی پێ دێنن، چەوساندنەوەی ئایدۆلۆژی دەستپێدەکەن، نەیارانی شۆڕش لەناو دەبەن، شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ناتوانێت کۆتایی بە ستەمکاری بێنێت؟ ئایا خاڵی لاوازی شۆڕش هەر لێرەدا بوو؟**

دوای شۆڕش کۆمەڵێك بڕیاردرا، کە بەنیسبەت مێژووی مرۆڤەوە لە «بڕیار» زیاتر بوون. بۆنمونە، جیاوازیی ڕەگەزی هەڵگیرا، ستەمی سەر ژنان بەهۆی کۆمەڵێك ڕێ و شوێنی یاسایی و ئەمنییەوە لابرا، مافی لەباربردنی کۆرپەلە درا، مافی هاوڕەگەزبازەکان درا(کە پێش هەموو ئەوروپا جێگیرکرا)، کاروباری کەمینەکان درایەوە دەستی خۆیان و هتد. شۆڕش لە ماوەیەکی کورتدا، تا ئەو کاتەی لینین خۆی مابوو، گەلێك دەسکەوتی گرنگی هەبوو. بەڵام ئەو دۆخە سەختەش کە یەکسەر دوای شۆڕش یەخەی بەلشەفیکەکانی گرت، ئامانجە خێراکانی شۆڕشی خاوکردەوە و پاش مردنی لینینیش کۆمەڵێك هەڵەی تر کرا کە لێرەدا بوار نیە باسی بکەین. پاش شۆڕش شەڕی ناوخۆ ڕوویدا و دەوڵەتانی ئیمپریالیست دەیانویست لەڕێگەی هەندێك پاشماوەی قەیسەر و جووتیارە دەوڵەمەندە ناڕازییەکانەوە شۆڕشەکە لەبار ببەن. ئەڵمانیا بەشێکی زۆر لە خاکی ڕووسیای داگیرکرد. ڕووبەرێکی بچوك بەدەست بەلشەفییەکانەوە مایەوە. شەڕی ناوخۆ خەڵکی بۆ ماوەیەك برسی کرد، خزمەتگوزارییەکان لاواز بوون، خۆپیشاندان و مانگرتن و ئاژاوە تەشەنەی سەندبوو. هەموو ئەمانە وایکرد لینین بەرنامەیەکی ئابوریی نوێ دانێت و کەمێك پاشەکشە لە درووشمە سەرەکییەکانی شۆڕش بکات و هەرچۆنێك بووە خەڵك لە قاتوقڕی ڕزگاربکات. بۆیە بەر لەوەی باسی ئەوە بکەین کە ئۆکتۆبەر کۆتایی بە ستەم هێناوە یان نا، ئەوا دەتوانین باسی ئەو ستەمە سەپێنراوە بکەین کە بەسەر بەلشەفییەکان و ئەزموونە تازەکەدا هاتبوو. ئۆکتۆبەر خۆی تراوما و زەربەیەکی دەروونی بوو بۆ مێژووی ستەمکاری.

**ئاوێنە: لە یادی سەدساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا زۆر وەرگێڕدراو و نوسینتان بڵاوکردۆتەوە، هەندێک لەهاوڕێکانتان دەڵێن ئێمە بەلشەفی و لینینیی ئەمڕۆین، خەباتی سۆسیالیزم بەردەوامی پێ دەدەین، لەم سیاقەدا، چەپی نوێ چیە و کێن؟**

نازانم چەپی نوێ تاچەند ناوێکی دەقیقە، بەڵام جووڵانەوەیەکی تیۆری و فیکری لەم دوو سێ ساڵەی ڕابردوودا هەبووە و درێژەی هەیە کە داکۆکی لە نەریتی چەپ دەکات. نەریت واتە پێشکەشکردنی ڕوانگەیەکی هەمەلایەنەی فیکری و سیاسی و ئابوری و هتد لەسەر کۆی کێشەکانی کۆمەڵگا و مێژوو. بەم پێیە چەپی نوێ ناوی نەوەیەکی نوێیە کە دەیەوێت تێڕوانینی چەپگەرایانەی خۆی بۆ دیاردەکانی کۆمەڵگا بخاتەڕوو و کاری بۆ بکات. چەپی نوێ، لەسەرەتاوە دژی ئەو گوتارە ڕۆشنبیرییە زاڵە کاردەکات کە گوتار و زمانی چەپی سەرکوتکردووە(گەرچی بەشێوەیەکی ڕیاکارانە سودی لە نەریتی چەپ وەرگرتووە و تێکەڵ بە گوتاری خۆی کردووە). پاشان دژ بەو سیاسەتە چەوسێنەرە کاردەکات کە مێژووەکەی بۆ پێش ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە. ئەمەش سەرەتا بە کاری تیۆری و بەرزکردنەوەی هەژموونی گوتاری چەپ ئەنجامدەدرێت. سیاسەتی کوردی، سیاسەتێکی بێئاسۆ بووە و تاکە هەوڵیشی بۆ دەربازبوون بووە لە «ئەویتری بێگانە». ئەم بێفیکرییە وادەکات پاش ڕاپەڕین و دەسەڵاتی «خۆماڵی»، هیچ مەبدەئێك نامێنێتەوە دەستی پێوەبگرن و کاری بۆ بکەن جگە لە دزی و تاڵانکاری و ئیهمالکردنی خەڵك. بۆیە هەر چەپێکی نوێ، بە مانایەك لە ماناکان، هەوڵ و گەڕانەوەیە بۆ ڕزگارکردنی سیاسەتی باوی کوردی. سەرەتای ئەم ڕزگارکردنە دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکان. مەبەست لە حەفتاکان، چرکەساتی شەهید ئارامە. شەهید ئارام، سەرباری هەر سەرنجێك، سەرەتای دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تازە بوو بەڵام کپکرا. واڵتەر بنیامین فەیلەسوفی چەپ، باسی ئەو

ساته سەرکوتکراوانە دەکات کە لە ڕابردوودا هەن و دەبێت ڕزگاریان بکەین. شەهیدئارام خۆی نە تیۆریستێکی گەورە بوو، نە کەسێکی جەماوەرییش؛ بەڵام تەعبیری لە دابڕانێك دەکرد لە مێژووی هاوچەرخدا کە زوو سەرکوتکرا.

چەپی نوێ(یان هەر ڕەوتێکی نوێی ڕادیکاڵ) لەسەر کۆمەڵێك توخم وەستاوە وەك: شوێن‌کاتی نوێ، ڕوانین و تیۆری نوێ، کێشەی نوێ. ئێمە لەبەردەم جیلێکداین کە لە سەردەم و کاتێکی نوێدا دەژی و هاوکات لە شوێنی نوێشدا دەژی(بەهۆی فەزای مەجازی و ئەنتەرنێت و جیهانگیر و سەفەرەوە)؛ پێویستی بە ڕوانین و تیۆری نوێشە و چیتر بەهۆی چەمکی تەقلیدیی «کرێکار»ـەوە پێناسەناکرێت. چونکە زۆرینەی خوێندکار و خاوەن بڕوانامەیە و ئەمە بۆ هەموو جیهان ڕاستە و لە ناوەڕاستی سەدەی بیست بۆ دواوە ڕێژەی خەڵکی خوێنەوار لە جیهاندا زیاددەکات و هەر ئەمانیشن کە سیمای سەرەکیی چەوساوەکانن. کێشەی تازە و هەلومەرجی تـازەش، بکەری سیاسی و شۆڕشگێڕ تازەدەکاتەوە و تازەبوونەوە تەنیا مەسەلەیەکی ئیرادیی ڕووت نیە. گەنجێکی کورد لەئێستادا هاوڵاتییەکی جیهانییە و تەنیا بەهۆی درووشمە تەقلیدییەکانی چەپی کۆنەوە ناتوانێت خۆی ببەستێتبە ئایدیای چەپەوە.

**ئاوێنە: چەپی نوێ پرۆژەیان چیە بۆ کۆمەڵگەی کوردی؟**

چەپی نوێ کەسێك و دووان، یان گرووپێك و دووان ناگرێتەوە تا بێین و پرۆژەکەی باسبکەین. دەشێت لەژێر ناوی چەپی نوێدا، نەوەیەکی جیاواز کاربکات. ئەم نەوەیەش چەندین پرۆژە و کارنامەی جیاوازی هەبێت. ئەوە گرنگە کە چەپی نوێ تەنیا لە کایەی فیکردا نەمێنێتەوە، بەڵکو بڕواتە ناو کایەکانی تری کۆمەڵگاوە وەك هونەر و ئەدەب و پەروەردە و هتدەوە. چونکە کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و پێکداچووە لە ژمارەیەکی زۆر کایە. هەریەك لەم کایانەش ڕاستەوخۆ

بێت یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەرییان لەسەر کایەکانی تر هەیە. بۆنموونە کاتێك هونەرمەندێکی کورد قسەدەکات، زمانی پڕە لە وشەی دینی و چینایەتی. واتە هونەری کوردی نەیتوانیوە عەقڵیەتە چینایەتییەکەی بەرەو عەقڵیەتێکی یەکسانیخواز و چەپگەرا ئاراستەبکات. هونەرمەندیش هەیە پڕە لە ژێست و نمایشی بۆرژوازییانە. یان گەر سەیری پـەروەردە بکەیت، بەجۆرێك لە جۆرەکان درێژکراوەی خێزانە. خێزانیش دەزگایەکی سەرکوتکار و چینایەتییە و باوك یان برا چینە چەوسێنەرەکەن. کاتێکیش حکومەت دەیەوێت پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن بگۆڕێت، پەنا بۆ کەرتی تایبەت دەبات و خوێندن ئەهلی دەکاتەوە. ئەمەش دیسان تۆخکردنەوەی چینایەتییە، چینێکی پارەدار دەتوانن بخوێنن و چینێکیش ناتوانن. ئەمە جگە لەو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیەی کە خوێندکارێکی قوتابخانەیەکی ئەهلی وەریدەگرێت، پڕدەبێتەوە لە کۆدی چینایەتی و ستایلی جیاجیای ژیان کە سیستەمی باڵادەست قبوڵیەتی. ئیشکردن لەسەر کەرتی تایبەت، دەکرێت یەکێك بێت لە پرۆژەکانی چەپی نوێ(گەرچی پێشتر لەڕێگەی نوسین و نامیلکەوە باسەکەمان ورووژاندووە). کەرتی تایبەت کە شکستی کەرتی گشتی دەردەخـات، ژیانی خەڵك قورستردەکات. چونکە دەبێت ڕاستەوخۆ هەموو خزمەتگوزارییەکانی خوێندن و کارەبا و ئاو و هاتوچۆ و زۆر شتی تریش بکڕیت.

بەهەرحاڵ، چەپی نوێ ناویکی لێکدراوە بۆ جیلێکی ڕەخنەگر و بەرەنگار کە ناکۆکیی جدیی لەگەڵ نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کۆنەپارێزدا هەیە نەك چەپ خۆیدا. چەپی نوێ پێویستی بە جێخستنی تیۆری نوێ و ڕوانینی نوێیە. مێژووی باشور تێکڕا بەدەست نەبوونی تیۆرێکی فیکر و زانستییەوە ناڵاندوویەتی. چەپیش لەم کۆمەڵگایەدا هەمیشە لە بەدحاڵیبوونێکی کۆمەڵایەتییدا ژیاوە و کۆمەڵگا دەرفەتی بۆ ڕێکنەکەوتووە تێبگات چەپ چیە و چیی دەوێت. بۆیە هەر

چەپێکی نوێ، دەبێت ئیش لەسەر لابردنی ئەم بەدحاڵیبوونە بکات و چەپ لەو غوربەتە کۆمەڵایەتییە بێنێتەدەرێ. چەپی نوێ نابێت تەنیا کەناڵی سیاسەت بگرێتەبەر بۆ کارکردن، بەڵکو پێویستە کۆی پرسەکانی سەردەم لەخۆیدا کۆبکاتەوە و سەرخانی کۆمەڵگای پێ بگۆڕێت. کۆمەڵگای ئێمە تەنیا چەوسانەوەی ئابوریی لەسەر نیە، بەڵکو چەوسانەوەی کەلتوری و کۆمەڵایەتییشی لەسەرە. ڕزگاریی ڕێژەیی ئابوری چیتر ڕزگاریی کۆمەڵایەتیی بەدواوە نیە کە چەپی کلاسیك ئیدیعای دەکرد، بەڵکو دەشێت پێچەوانەکەشی ڕاست دەرچێت. بۆنمونە ساڵانێك پێش قەیرانە ئابورییەکەی کوردستان، دۆخی مادیی خەڵك باشر بوو؛ بەڵام ئەمە وایکردبوو کۆمەڵێك نەریتی کۆنەپارێزانە گەشەبکات وەك: بەشوودانی کچی مناڵ، فرەژنی، بەرخۆری و کاڵاپەرستی و هتد.

بەکورتی، وەك پرۆژەی هەنوکەیی، پێدەچێت بەم نزیکانە گۆڤارێکی گشتگیر و نیمچە-ژۆرنالیستی بەناوی (چەپی نوێ) وە دەرکەین و زۆرترین دەنگ و وزەی نوێ لەخۆبگرێت و کەمکەم ڕوانینەکانمان بەناو کۆمەڵگادا پەخشبکەینەوە.

**ئاوێنە: گەڕانەوە بۆ کۆنسێرڤاتیزم وەک مەترسی گەورە دەبینرێت، بەتایبەت لە دیدی چەپەکانەوە، بەڵام چەپەکانی کوردستان نمونەی جیاواز نین لە کەلتوری باو، چۆن دەتوانن پێشەنگ بن؟**

کۆنزەرڤاتیزم عادەتەن لە سیاسەتدا چڕدەبێتەوە. لە نیو سەدەی ڕابـردوودا هیچ هێزێکی تر نەیتوانیوە لەڕووی سیاسییەوە دوالیزمی مەلایی/جەلالی تێکشکێنێت(بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە). یەکەمین هەنگاو بۆ دەرچوون لە کۆنزەرڤاتیزم، دەرچوونە لە مەلایی/جەلالی و پاشکۆکانی. ئەم کۆنزەرڤاتیزمەی باشور لەسەر گوزارەیەکی لەم جۆرە کاردەکات: «لێگەڕێن با دەسەڵاتم هەبێت، ئیتر چی دەبێت

با ببێت». دەسگرتن بەم گوزارەیەوە، دەسگرتنە بە نەریت و خێڵ و دین و کلێشە کۆنە سیاسییەکانەوە.
لەڕووی ڕۆشنبیرییشەوە، کۆنزەرڤاتیزم سیمای تری هەیە. بۆنموونە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیری کورد لەجیاتیی تەرحکردنی بەدیل، بەردەوام خەریکی شیکردنەوە و تەحلیل بووە لەناو دۆخە باوەکەدا. بەشێکیشی خەریکی سوکایەتی بووە بە چەمکی شۆڕش و چەپ و ڕادیکاڵیزم و هتد. لەدوای ڕاپەڕینیشەوە، چەپی باشور تێکڕا لەڕووی تیۆرییەوە کۆنزەرڤاتیڤ بووە و پەنابردن بۆ تیۆریستێکی وەك «مەنسور حیکمەت» کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە واقیعی کوردستانەوە نەبووە، جۆرێك بووە لە کۆنزەرڤاتیزم؛ چونکە لەناو مێژوویەکی وەك مێژووی کوردستاندا ناتوانیت کۆمەڵێکی زۆر لە توێژە جیاجیاکان بەناوی پۆپۆلیزمەوە بکەیتەدەرێ و پێتوابێت ئەوانە کرێکار نین و دەبێت «بەشداریی سیاسی»یان نەبێت. لە ئاستە سەرەتاییەکانیشدا ڕۆژانە دەرهاویشتەکانی کۆنزەرڤاتیزم دەبینین وەك کوشتن و ئەتککردنی ژن، پابەندبوون بە ئسوڵی خێڵەوە، تێکەڵبوونی کاڵا و ستایلی دینی، زۆربوونی بەرچاوی باڵاپۆشی و پەچە و عەبا، زاڵبوونی دیاردە و زمانی کۆنەپەرستانە لە سۆشیاڵ میدیادا، هتد. هەموو ئەمانە لە غیابی کەلتورێکی بەهێزی چەپگەرایانەدایە و گەر لە قەیرانەکاندا گوتاری چەپ زاڵنەبێت، ئەوا ئەو مەترسییە هەیە کە خەڵك بگەڕێنەوە بۆ ناو کۆنەپارێزییەکی زیاتر.

**ئاوێنە: هۆکارەکانی جێکەوتنەبوونی ئایدیا و گوتاری چەپی نوێ چین لەهەرێمی کوردستان؟**

چەپی نوێ لە سەرەتای خۆیدایە و لەگەڵ قەیرانی ئابورییدا دەستی بە ئیشە سەرەتاییەکانی خۆی کردووە. ئیشەکان تائێستا تێکڕا ئیشی خۆبەخشانە بووە و هیچ دەزگا و لایەنێکی ڕەسمی لەپشت کارە تیۆرییەکانەوە نەبووە. خۆیشمان ئەو

ئیمکانەمان نەبووە و تەنیا پشتمان بە وزەی مرۆیی کۆمەڵێك گەنج بەستووە, بەڵام لەو مەودا سنوردارەدا، جۆرێك لە پێشوازی هەبووە و جیلی نوێ بەدوای ئایدیایەکی نوێدا وێڵە کە وەڵامی کێشەکانی بداتەوە. دەبێت تایپێکی نوێی چەپ جێبکەوێت، چونکە چەپی پێشوو زیاد لە ١٥ ساڵە لە بنبەستدا دەژی. بەشێکی زۆری چالاکوانە چەپەکان لە ئەوروپادا توانەوە و دووجار پەیوەندییان بە کۆمەڵگاکەوە نەما: جارێك تیۆری و جارێکیش واقیعی. هەندێکیشیان بوون بە چالاکوانی فێمینیستی و ڕێکخراوەیی و سێکۆلار.

**ئاوێنە: گرنگیی ئایدیای بەرەنگاری و ڕزگـاری بۆ ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان چیە؟**

کوردستان لەناو کۆمەڵێك یاریی گەورەتری ناوچەیی و نێودەوڵەتیدایە و  هیوام بە شتی خێرا نیە. ئەم قۆناغە سەختە، بەرەنجامی دوو دەیە زیاترە. تاکە شت کە بکرێت ئەوەیە بیر لە بەدیلێکی درێژخایەن بکەینەوە کە مێژووی پێشوو تێپەڕێنێت. هەر بۆیەشە پێویستە ئێستا خەڵك نەکەونە داوی حەماسەتی ناسیۆنالیستی و ڕاسیستییەوە. ئەمە بۆ ئێستا یەکێکە لە ماناکانی بەرەنگاری. پێویستە چەپیش خەباتێکی لۆکاڵیی کوردستانی داڕێژێتەوە کە مژدە باوەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بەتەواوی بەتاڵبکاتەوە. دەسەڵاتی کوردی، مرۆڤی کوردیی بچوککردەوە. لە ئاستی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و هتدەوە، مرۆڤێکی تەپیوی درووستــکردەوە کە دەمێك پێشتر داگیرکەران دەستیان دابوویە. گەر مرۆڤی کوردی لەئاستی دەرەوەدا سەرکوتکرابێت، ئەمانیش لە ناوخۆدا مرۆڤی ئێمەیان ئیهمالکرد. لە شەڕی ناوخۆوە خەڵکیان فێری شەڕەگەڕەك و شەڕی مناڵ و شەڕی ژنومێرد کرد. لەڕووی سایکۆلۆژییشەوە، کەوتنە ئەتککردنی سامانی ئەم وڵاتە و وەك بڵێی  بڕوایان بە خۆیان نەهێنابوو کە ئەم خاکەیان

بەدەستەوەیە و دەبێت بنیاتی بنێنەوە.

ئێستا سیاقێکی نوێ لەئارادایە و کۆمەڵگای ئێمە بەر یەکەمین قەیرانی ئابوریی جیهانی کەوتووە و پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانیش تا داهاتوویەکی نادیار شکستی هێناوە. سەدان هەزار بێکاری گەنجت هەیە، کۆنەپارێزی بە فۆرمی تر گەڕاوەتەوە، سیاسەتی کوردی بەرەو نەوەیەکی تری بنەماڵەیی دەبرێت، ڕیفۆرمی پارلەمانی شکستیخواردووە و هتد. هەموو ئەمانە و زۆر پرسی تریش، پرسی چەپن. بەڵام چەپ عەسای سیحریی پێ نیە و دەبێت وردتر بیر لە کۆمەڵگاکە بکاتەوە. جگە لەوەش پێویستی بە ڕامانە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە، چونکە پێموایە لایەنە چەپەکانی کوردستان دەمێکە توانای گەشە و هەستانەوەیان نەماوە.